www.kurdistannet.org
27-1-2003 2:00

# ڕۆحێکی توڕە بەچی ویژدانێکی بیمار چارەسەر دەکات!

یاسین بانیخێلانی

ماڵێکی لێکترازاو ویژدانێکی بیمار (دەربارەی کورد– بوون – لەجیهاندا) کتێبێکی (فاروق ڕەفیق) ە، کە چاپخانەی ڕەنج ٢٠٠٢ لە بەرگی ١٤٧ لاپەڕەدا بە چاپی گەیاندووە وە لە سایتی هەفتەنامەی (هاوڵاتی) شدا لەسەر ئینتەرنێت بڵاو کراوەتەوە.

فاروق ڕەفیق لەم کتێبەدا بە زمانێکی زۆر زبرو توند قسە دەکات هەر بۆ خۆیشی لەگەڵ ئەم ڕایەدایە کاتێك لە بری پێشەکیدا دەڵێ: (ڕەنگە هەندێك لەم پرۆژەیەدا توند ببیننەوە) پاکانەو بەهانەیەشی بۆ ئەم توندڕەوییە ئەوەیە: (ئەوە ئێمە نین کەتوندین، بەڵکو ئەوە ڕۆحی کوردە کە توندە) . بۆیە من پێم وانییە ئەگەر کورد وەك فاروق ڕەفیق بۆی دەچێت خاوەن ویژدانێکی بیمار بێت بتوانێت بەو ڕۆحە توڕەوە بێتە قسەکردن. توڕە بوون زادەی هەڵچوونی کۆی هەستەکانی مرۆڤە، لەگەڵ ئەمەشدا ئەو فاکتەرانەی دەرەوەی جیهانی مرۆڤ بەرپرسن لە هورووژاندنی هەستەکاندا، بۆیە وەك شاعیری نەمساوی ئێریش فرید (Erich Fried) دەڵێ: ( توڕەبوون بەس نییە لەو ناهەقیانە، ئەبێت ئێمە قوڵبینەوەو کەمێك لە دژی کاربکەین) کەواتە ئەوە بەس نییە ئێمە بە تەنها توڕە بین و بە زمانێکی توند و زبر بئاخفین و گوناهەکەیشی بخەینە ئەستۆی لایەکی تر، بەڵکو پێویستە ئێمە واز لە توڕەبوون بهێنین هەتا بتوانین بە ئارامی بەناو کارەسات و کێشەکاندا ڕۆبچین، لەبەر ئەوەی مرۆڤ لە ئارامیدا دەتوانێت بە شێوەیەکی تەندروست بیر بکاتەوە، بۆیە ئەوە بە زادەی ڕۆحی کورد نازانم و زادەی شپرزەیی و هەڵچوونە دەروونییەکانی خودی نووسەرە. زادەی ئەو هەموو غەدرو بێ ویژدانییەیە، کە بە شێوەیەکی گاڵتەجاڕی لەسەر تەختەی شانۆی سیاسەت یاری بە چارە نووسەکانی دەکرێت و ئێمە مانان توڕە دەکات. زادەی ئەو بە کۆیلەکردنەی کوردە لەلایەن کورد خۆیەوەو کاتێك ئێمە هەستی پێ دەکەین توڕەمان دەکات. زادەی ئەو هەموو کوشتارگەلەیە لەسایەی ئازادی و ڕزگاربوون لە ژێر دەستی فاشییەکەی بەغدا کران و ئێمە ناتوانین ڕێگای لێبگرین بۆیە توڕەمان دەکات. زادەی ئەو شەڕە ساردەیە، کە ناویان ناوە ئاشتی و کاتێك قسە دەکەین کەسێك گوێمان لێناگرێت و ئیتر توڕە دەبین. زادەی ئەو سیاسەتە ئیفلیجەیە، کە بەشارێکی کوردی وەك کەرکوك دەڵێ: (شاری نەتەوەیی برا عارەبەکان و تورکمانەکان و ئاشورییەکان) ئێمە ناتونین هیچ بڵێن تەنها ئەوە نەبێت توڕە ببین. زادەی ئەو سیناریۆ ترسناکانەیە، کە تاوانبارانی جەنگ و ئەوانەی هەڵەبجەیان کیماباران کردو کوردیان ئەنفال کرد ئێستا وەك قارەمان ناودەبرێن و کاتێك ئێمە دەڵێین نا، بە پیاوی ڕژێم لە قەڵەممان دەدەن، بۆیە تەنها و تەنها ئێمە دەتوانین توڕەبین و بەس. بۆیە ئەوە ڕۆحی کورد نییە توڕەیە، چونکە کورد دەمێکە لە ڕێگای لەدەستدانی هەموو ئیرادەو هێزێکەوە ڕۆحی نەماوە تا توڕە ببێت، بەڵکو ئەوە ڕۆحی ئێمەیە توڕەیە، کاتێك قسە دەکەین کەس گوێمان لێناگرێت و کاتێك دەنووسین کەس نامانخوێنێتەوەو کاتێك هاوار دەکەین دەنگمان بە هیچ کوێیەك ناگات. ئەوە ڕۆحی ئێمەیە کاتێك بەرەو تێکشکانی دەبەن توڕە دەبێت.

گەلێك هەست بە بەرپرسیاری و کێشەکانی لە ئاست ئەو هەموو تراژیدیانەی ڕۆژانە ڕووبەڕووی دەبێتەوە تورە دەبێت، بەڵام کواو لە کوێ گەلی کورد هەستی بەو بەر پرسیارییەتە کردووە تا تورە ببێت!.

گەلێك، کە ئێستا من قسە لەسەر نەوەکانی دەکەم واتە ئەو نەوەیەی لە دوای ڕاپەڕینەوە دروست بووە (ببورن بە تەنها باس لە باشوری کوردستان دەکەم) جگە لەنەوەیەکی کۆیلەی بێدەنگکراو ئێمە دەتوانین چی ناسنامەیەکی تری پێ ببەخشین؟!.

بۆیە دەبوایەت فاروق ڕەفیق وەك باس لە شپرزەیی گەلی کورد دەکات پێشتر باسی لە شپرزەیی ئێمە مانان بکردایەت، کە هەست بە کێشەو کارەساتەکان دەکەین و ویژدانمان ئازار دەکێشێت و دێینە قسە، باسی لەو شپرزەییە ڕۆحییەی خودی خۆمان بکردایەت، بۆچی ئێمە بەو شێوە هەڵچوونە قسە دەکەین؟ بۆچی نا ئارامییەك لە نووسینەکانماندا نییە؟ بۆچی ناتوانین بە نەرم و نیانی کێشەو کارەساتەکان تاو توێ بکەین؟ بۆچی عاتیفە جێگای عەقڵ و لۆژیك دەگرێتەوە؟ بۆچی لەبەرامبەر یەکتردا هێندە دڵڕەقین؟!.

ئاخر کاتێك ژیان بە شێوەیەکی تر لەوەی ئێمە چاوەڕوانی دەکەین و ئەوەی ئێمە بۆی دەچین و بەو شێوە کلاسیکییە لە دونیا دەڕوانین، یا لە باشترین حاڵەتدا، پێمان وایە، کە خاوەنی نوێترین دیدو ئایدۆلۆژی نوێین و ئەویش بە پێچەوانەوە دەکەوێتەوە، ئەوا تورە دەبین تا دیدو ئایدۆلۆژییەتی خۆمان بسەپێنین، ئەمەش وامان لێدەکات نەتوانین بە ئارامی بنووسین!.

ئەگەر مرۆڤ نەیتوانی بە ئارامی بیربکاتەوە، بێگومان ناتوانێت بە ئارامی بنووسێت، کەواتە پێش ئەوەی ئێمە دەست بە نووسین بکەین دەبێت خۆمان ئارام بکەینەوەو لە کێشەکان بکۆڵینەوە، ئەو کێشانەی، کە تەنها ڕوخسارەکانیان لە ئێمە دیارە، ئێمە لە ڕوخسارەکانەوە، کە لە قۆقز دەچن قسە دەکەین، کەواتە ئێمە لەو دیو لاکانی ئەو قۆقزەوە هیچ شتێکی ترمان نییە بیڵێین، ئەگەرچی هەندێك جار سێبەری لاکانی تریش دەبینین، بەڵام ئەوانە بەس نین بۆ قسە کردن چونکە ناتوانین بە لۆژیك یا زانستێك بسەلمێنین، کە لەو دیو هەر ڕوخسارێك لەو ڕوخسارانەوە چەندین ڕوخساری تر هەن بۆ قسە لەسەر کردن، یا لە باشترین حاڵەتدا ئەمەش دەسەلمێنیت کەسێك نییە بڕوات پێبکات، ئا ئەمەیە ئێمە تورە دەکات!.

لەم سەردەمەدا، کە ئێوە باس لە شپرزەیی و تورەبوونی ڕۆحی کوردی دەکەن، ڕۆح بە واتا هایدگەرییەکەی مەبەستمە نەك پلاتۆنی (ئێوە گوتەنی ئەفلاتۆن) یەکەی، کورد بۆ خۆی وەك کورد خاوەنی هیچ ڕۆحییەتیەك نەبێت، ڕۆحییەت ئێوە گوتەنی جڤات دروستی دەکات، بەڵام ئێمە لەسایەی حیزبە زلهێزە کوردییەکانەوە، لەو ماوەی دەسەڵاتیاندا نەك هەر هەموو ڕێکخراوو ئۆرگانەکانیان بە دەزگاییکردنی حیزبی و زەمینەکیان بۆ بە هەیمەنەکردن نەهێشتەوە، بە ڵکو هەموو ڕەنگ و دەنگێکی جیاواز و چین و توێژەکانی ناو کۆمەڵیان بە هەموو سەرمایەکانەوە لە چوار چێوەی حیزبدا ڕەنگڕێژ کرد!. مۆنۆپۆلکردن و بەدەزگایی کردنی هەموو ئەو ڕێکخراوانەی (مەبەست ڕێکخراوە مەدەنی و پیشەییەکانە) ، کە دەشیا جڤاتێکیان پێکبهێنابا بۆ خۆی گورزێکی کوشندەبوو لە جەرگی جڤات لەناو منداڵدانی دایکدا درا. ئەمە یەکێك لەو هۆکارانە بوو، کە مرۆڤی کورد بە خۆی نامۆ بکات، کاتێك دەڵێم: مرۆڤی کورد مەبەستم ئەو کەسانەیە، کە نەیاندەتوانی لە ناو ئەو

چوار چێوەدا بمێننەوەو دەیانەویست لەدەرەوەی ئەو چوار چێوە قسە بکەن و خاوەنی گوتارێکی جیاواز بن لە گوتاری باڵادەستی حیزبی، بەڵام مەخابن هەر زوو دەکەوتنە بەر هێرشی تۆتالیتاریانەی حیزبەکان و ناچار یا بێدەنگ دەکران یا لە یەکێك زیندانەکان بەند دەکران یا وەك هەر کەسێکی تر ڕێگای تاراوگەیان دەگرتە بەر.

لێرەدا کاتێك قسە لەتاراوگە دەکرێت، ناکرێت نەچینەوە سەر فاکتەرەکان، واتە ئەو فاکتەرانەی وای لە گەلی کورد کرد، کە بەرەو تاراوگە (مەنفا) هەڵبێن.

زۆر کەس وای بۆ دەچن مێژووی کۆچی کورد لە دوای ڕاپەڕین و ڕزگار کردنی ئەو بەشەی کوردستان لە دەست ڕژێمی فاشی بەعسەوە دەست پێدەکات. ئەمە بۆچوونێکی زۆر هەڵەیە، کە مێژوو هۆکارەکانی کۆچ بگەڕێنینەوە بۆ ڕاپەڕین یا دوای ڕاپەڕین، چونکە کۆچ پێشتر لە زەین و هۆشی هەر کەسێکی کوردا نەخشەی کێشا بوو. خەڵکی کورد لە چواردەوری دیوارێکدا هەڵپەسا بوون، تا لە عێراق هەڵنەیەن. خەڵکی کورد (مەبەست نەوەی سەرەتای هەشتاکان وکۆتایی هەشتاکانە) دەمێك بوو لەسایەی دڕندەیی حیزبی بەعسدا بیری لە هەڵاتن دەکردەوە، بەڵام حیزبی بەعس عێراقی کردبووە زیندانێکی گەورەو هیچ دەلاقەیەکی بۆ هەڵاتن نەهێشتبووەوە.

تاکە ڕێگایەك بۆ هەڵاتن لە عێراقدا، کە خەڵکی کورد دەیتوانی لەدەست ڕژێم هەڵبێن ڕاکردن بوو بەرەو چیاو گوندەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە، بۆیە ڕژێم بۆ ڕێگاگرتن لەم دەلاقەیەش خێزانی ڕاکردووی زیندان دەکرد تا کەسی هەڵاتوو ناچاربکات بۆ دۆزەخەکەی بگەڕێتەوە.

بەڵێ، دڕندەیی بەعس دەمێك بوو بارگەی کۆچی لە دەروون و مێشکی گەلی کورددا خستبوو، چونکە هەر کەسێکی کورد هەستی بەوە دەکرد لە عێراقدا نەك هیچ مافێکی هاوڵاتی بوونی نییە، بەڵکو وەك میوانێکی ناحەزیش تەماشای ناکرێت. بۆیە هەموومان بێگانە بووین بەو نیشتیمانەو بیرمان لە نیشتیمانی ڕاستەقینەی خۆمان دەکردەوە. کۆچی کورد جگە لە گەڕان بەدوای نیشتیمانێکی تردا هیچ مانایەکی تری نییە، لەبەر ئەوەی وەك لەسەرەوە ئاماژەم پێکرد، ئێمە بەو نیشتیمانەو ئەو بە ئێمە نامۆ بوو.

کۆچ لای کورد حاڵەتێکی ئاسایی نییە وەك ئەوەی فاکتەرێکی ئابووری یا سیاسی کۆمەڵایی ڕووتی هەبێت، هێندەی فاکتەرێکی دەروونی ئاڵۆزی هەیە، کە دەشێت هەر یەکێك لەوانەی سەرەوەش لە پشتییەوە بن و کاریگەری خۆیان هەبێت، فاکتەرێك، کە هەمیشە هەستی دەکرد مرۆڤێکی تاوانبارەو ئێستا نا کەمێکی تر دەستگیر دەکرێت، ئەو کاتانەی لەناو ئۆتۆمبیلێکداو لەیەکێك لەبازگە (سیطرة) کاندا کڵاو سورێك بە خۆیی و لیستێك ناوەوە سەردەکەوت و هەموو دانیشتوانی ناو ئتۆمبیلەکەی توشی ئەو گومانە دەکرد، کە ناوی ئەوانی تێدا بێت! . ئەو کاتانەی، کە لە یەکێك لە قوتابخانەکان و لە پۆلێکدا دادەنیشتین و لە پڕێکا کڵاو سورێك خۆی بە پۆلدا دەکردو هاوڕێکەی تەنیشت خۆت و چەند قوتابییەکی تری لەگەڵ خۆیدا دەبردو پاش چەند ڕۆژێك بانگیان دەکردن تا ببینن چۆن ئەو (تاوانبارانە) گوللەباران دەکرێن و بەمەش یەك دونیا وێنەو فۆرمی ترس و تۆقاندنیان لات دروست دەکردن و ئەو گومانەی لا دروستدەکردن، کە هەریەکێك لە ئێمە

مرۆڤێکی وەك ئەو هاورێیانە تاوانبارین و ئەمڕۆ نا سبەی سەرەمان دێت. ئەو کاتانەی لە دوای شەشی ئێوارەوە بۆت نەبوو لەماڵەکەی خۆتدا، کە کرابووە زیندان لێت بۆت نەبوو سەردانی ماڵە دراوسێکەت بکەیت. ئەو کاتانەی هەمیشە هەستت دەکرد تۆ مرۆڤێکی تاوانباریت و ئەمڕۆ بێت یا سبەی پەتی سێدارە چاوەنوڕات دەکات!. ئەمانەو چەندین نمونەی تری زیندوو هەن، کە ناوەوەی هەر تاکێکی کوردی وێران کردبوو، کە گومانی لەوە هەبێت ئەمە نیشتیمانی ئەو نییەو دەبێت بە دوای نیشتیمانی ڕاستەقینەی خۆیدا بگەڕێت، نیشتیمانێك، کە دەتوانێت وەك مرۆڤ تیایدا بژی، بۆیە بە ڕای من زەخیرەی کۆچ بەر لە ڕاپەڕین ئامادەکرابوو، ئەوەی ڕاپەڕین کردی تەنها تێکدانی دیوارەکان بوو تا خەڵك ئازاد ببێت و بتوانێت بۆ دەرەوە هەڵبێت. ئێمە بینیمان چۆن سەربازە عێراقییەکان لەشەڕی کەنداودا چەکەکانیان فڕێداو بەدەست بەرزکردنەوەوە بەرەو لای سەربازە ئەمەریکی و هاوپەیمانەکان هەڵاتن، تەنها بۆ ئەوەی لەو دۆزەخەی ناوی نرابوو عێراق ڕزگاریان بێت، ئێمە دەزانین پەنابەرە کوردەکانی پاکستان لەچی بارودۆخێکی ترسناکدا ژیانیان بەسەر دەبرد، بەڵام بە هەموو ئەو لێبووردنە گشتییانەی خودی سەدام حوسێنیشەوە کەسێکیان ئامادە نەبوو بگەڕێتەوە.

لێرە دەزانم ئێستا ئەو پرسیارە یەخەمان دەگرێت: ئەی دوای ڕاپەڕین و ڕزگاربوونی خەڵك لە ستەمی بەعس بۆ خەڵکی کورد نەمایەوە لە نیشتیمانەکەی خۆیدا؟. بەڵێ، هەزار جاری تر دووبارەی دەکەمەوە کۆچی کورد گەڕانە بە دوای نیشتیمانێکی تردا، لەبەر ئەوەی بەعس برینێکی قوڵی لە دەروونی هەر تاکێکی کوردا دروستکردبوو، دەبوایەت و ئەرکی یەکەمی ڕاپەڕین سارێژکردنەوەی ئەو برینانە ببوایەت، بەڵام ڕاپەڕین ئەو گومانەشی ڕەواندەوە، کە هەندێك لایان وابوو هەر ئەمەیە نیشتیمانی ئێمە، بەوەی پێش هەموو خەڵك بەرپرسی حیزبەکان بەگەورەو بچوکەوە، کەوتنە تاڵانکردن و فرۆشتنی هەموو کەرەستەو کارگەو پرۆژەیەك لەکوردستاندا هەبوون، ئیتر ئەمە بە تەواوەتی سەلماندی ئەمە نیشتیمانی ئێمە نییەو ئێمە تەنها بە ڕێکەوتێکی هەڵە ڕێگامان کەوتۆتە ئەم سەرزەمینەو دەبێت بە دوای نیشتیمانێکی تردا بگەڕێین تا وەك مرۆڤ بتوانین بژین.

لێرەدا دەگەڕێمەوە لای نەوەی دووەمی کۆچ، کە نەوەی دوای ڕاپەڕینەو فاروق ڕەفیق لە ڕوانگەی ئەم نەوەیەوە زیاتر قسە دەکات بەوەی کە دەڵێت: (**ڕەهەندی کۆچ پەیوەندی بە لەدەستدانی خەونەوە هەیە**) ڕێك و ڕاست لەگەڵ ئەم بۆچوونەدام، بەڵام پانتایی مانای خەون زۆر بەرینە، بۆیە دەپرسم: خەون بەکام چەمك ومانا؟ ئایا خودی ونبوونی فانتازیا هەر خەون نییە؟. ئایا خەون هەڵگری ئەو مەدلولەیە، کە نەوەیەك دەخوازێت بوونەوەرێکی قسەکەر بێت تا ئەوەندەی گوێگر؟. ئایا خەون ئەو ڕەهەندەی هەیە، کە نەوەیەك (لە هەموو شتێك دەچێت تەنها خۆی نەبێت) بۆیە کۆچ دەکات؟. لێرەدا ئەم پرسیارانە بۆ نووسەر جێدەهێڵم و دەچمەوە سەر مردنی فیکرەی نیشتیمان، کە فاروق ڕەفیق باسی لێوە دەکات، ئەگەرچی من لەسەرەوە باسمکردو گوتم نەك هەر فیکرە مردووە بەڵکو گومانی لەوە هەیە، کە ئەمە نیشتیمانێتی کاتێك بە ڕۆژی نیوەڕۆو بەبەرچاوییەوە سەرکردەو بەرپرسەکان هەڕاج و تاڵانی دەکەن ئیتر چۆن فاروق ڕەفیق دەڵێ:

**(نیشتیمان ناشیرین کراوه لەلایەن، شاعیرو سیاسی و ڕۆشنبیرەکانییەوە)** . جارێك نازانم ئەو ڕۆشنبیرانە کێن، کە فاروق ڕەفیق باسیان لێوە دەکات، چونکە لە چەند جێگای تردا بەم شێوەیە لەسەر ڕۆشنبیران قسە دەکات: ( **پێش ئەوەی بجولێت هەندێ ڕۆشنبیرو ئەدیبیش زەخیرەکەیان داوەتێ، لەوەدا کە نیشتیمانەکەی کەلاوەیە)** یا دەڵێ: (**ڕۆشنبیران نەك نیشتیمان ناشیرین دەکەن بەڵکو شوێنی مەقسەد (واتە خۆرئاوا) ش بە بەهەشت دەکەن)** . من پێش هەموو شتێك گومانم لە ڕۆشنبیری کورد هەیە، ئایا ڕۆشنبیران کێن؟ ئایا ڕۆشنبیران دەستەو تاقمێکی دیاریکراون؟ ئایا ڕۆشنبیران ئەوانەن (کە شەنسێکی ڕۆشنبیرییان لە یەکێك لە ئەپستمەکاندا هەیە) و لەیەکێك لە بوارەکاندا واتە ئەپستمە جیاوازەکاندا کاردەکەن؟. ئایا ڕۆشنبیران ئەوانەن لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا کاری ڕۆشنبیری (بەواتای نووسین) دەکەن؟. یا ڕۆشنبیران ئەو کەسانەن سارتەر گوتەنی: (کەسانێك خۆیان لەو مەسەلانەش هەڵدەقورتێنن، کە پەیوەندیان بە ئەوانیشەوە نییە؟. یا ڕۆشنبیران کەسانێکن سەرقاڵی بەرهەمهێنانی فیکرو مەعریفەن هەتا دیدو بۆچوونی نوێ بئافرێنن؟. بێگومان هەر یەکێك لەمانە جێگای قسەکردنی زیاتری دەوێت و من بە تەنها باس لەو ڕۆشنبیرانە دەکەم، کە فاروق ڕەفیق مەبەستێتی و ئێمەش هەر ئەو جۆرە ڕۆشنبیرانەمان هەیە، ئەوانەی لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا سەرقاڵی کاری نووسینن، ئەمانەش دوو بەشن: بەشێکیان لەناوەوەن و بەشەکەی تری لە دەرەوەن.

ئەو ڕۆشنبیرانەی لەناوەوە دەنووسن تا ئەو جێگایەی من گوتارەکانیانم لەسەر کۆچ و تاراوگە دیبێت و خوێندبێتەوە پێناسەی جۆراو جۆریان بۆ کۆچ و تاراوگە کردووە، بە بێ ئەوەی هیچ ئاماژەیەکی پۆزەتیف بۆ خۆرئاوا بکەن، ئایا فاروق ڕەفیق وەك نمونە بۆ دوو دێری لەو گوتارانەی خۆرئاوا بە بەهەشت دەکەن نەهێناوەتەوە؟. بێگومان ئەوەی یەك کەم هۆشیاری هەبێت، ئەگەر لە ڕێگای خوێندنەوەی کتێبیشەوە بێت لەو ڕاستییە تێدەگات خۆرئاوا بۆ بێگانە نەك هەر بەهەشت نییە بەڵکو دۆزەخێکە بۆخۆی. ئەگەر کەسێك بە ڕاست هۆشیارو ڕۆشنبیر بێت ڕۆژانە ئاگای لەو هەموو دەستدرێژی و بێ حورمەتییەیە، لەلایەن ڕەگەز پەرست، ڕاسترەوو نازییەکانەوە دەکرێتە سەر خەڵکی بێگانە، ئایا کەسێك ئەم هەقیقەتە بزانێت بە چ عەقڵ و لۆژیکێك دێت و خۆرئاوا وەك بەهەشت وێنا دەکات؟. ئەڵبەتە نامەوێت بەسەر ئەو جۆرە ڕۆشنبیرانەشدا باز بدەم، کە پیر بوون، واتە ئەو ڕۆشنبیرە پیرانەی بیرکردنەوەشیان وەك تەمەنیان پیربووەو هێشتا وەك پۆلیسێك پاسەوانی ئەو ڕۆشنبیرییە کۆنە سواوە دەکەن و حیزبەکانیش پشتگیریان لێدەکەن. ئەو ڕۆشنبیرانەی چارەکە سەدەیەك زیاترە جگە لە گوتاری ڕۆژانەی بێتام و سواوو بەرهەمی کاڵ و کرچ نەیاتوانیوە هیچ دیدێکی نوێ بەرهەم بهێنن یا هیچ نەبێت زەمینەیەکیان بۆ دیدێکی نوێ خۆش نەکرد هەتا نەوەی ئەمڕۆ لەسەر ئەو زەمینە کار بکات. ئەو ڕۆشنبیرانەی تەنها وەك داشێکی شەترەنج شوێنەکانیان گۆڕاوە (واتە لەبەغداوە بۆ سلێمانی و هەولێر) بەڵام هەمان ڕۆڵ و کاریان هەیە، ڕۆشنبیرانێك بەعس بە گوێڕایەڵی پەروەردەی کردوون و ئێستا بەهەمان ئەو ڕۆحیەتەوە لە دەزگاکان کاردەکەن و جگە لەکاری سانسۆرو ئەتککردنی دیدی نوێ خاوەنی هیچ گوتارو کارێکی تر نین. بۆیە نازانم ئەو ڕۆشنبیرانە کێن خۆرئاوا بە بەهەشت دەکەن، ئەگەر بەبەهەشتکردنەکەش لەو ڕوانگەیەوە بێت، کە باس لە کارەسات و ناهەمواریی و

نائارامی و بشێوییەکەی کوردستان دەکەن، ئەوە ئەوان نین، ئەوە خودی ئەو واقیعەیە، کە ڕۆژانە ئەوان ڕووبەڕووی دەبوونەوە\دەبنەوە. ئەوە ئەو ڕۆشنبیرانە نین نیشتیمان ناشیرین دەکەن و دەیکەن بە کەلاوە، بەڵکو دەمێك بوو بەعس کاری بۆ بەکەلاوە بوونی کوردستان دەکردو ئەوەشی مابوو حیزبە کوردییەکان تەواویان کرد. ئەوە ڕۆشنبیران نین نیشتیمان ناشیرین دەکەن، ئەوە ئەو شەڕە نەگریسانە بوو، کە ماڵی کوردی بەدەستی کورد وێران دەکردو جەستەشی پارچە پارچە دەکرد. ڕۆشنبیران بۆ خۆیان بوو بوون بە قوربانی ئەو کارەساتانەی حیزبە کوردییەکان لە دوای ڕاپەڕینەوە بەسەر خەڵکی کوردیان هێنا، کاتێك ناچار دەکران بەسەر لایەنێکدا خۆیان ساغ بکەنەوە. ئەو ڕۆشنبیرانەش ئەمەیان پێ قبوڵ نەبوو ناچاری ڕاونان دەکران. جگە لەوەی زۆربەی هەرە زۆری ڕۆشنبیران بە حیزبی کران و تەنها ئەرك و کارێکیش پێیان سپێردرابوو ئارایشکردن و جوانکردنی ڕوخسارە دزێوەکانی حیزب و کوردستانیشیان وەك فیردەوسێکی بەرین وێنا دەکرد نەك وەك کەلاوە.

سەبارەت بە ڕۆشنبیرانی دەرەوە (تاراوگە) ش ئەگەر فاروق ڕەفیق، بە خێرایش چاوێك بەو بەرهەمانەدا، کە لەتاراوگە نووسراوون\دەنووسرێن بخشێنێت لەوە تێدەگات ڕۆشنبیرانی تاراوگە نەك خۆرئاوا بەبەهەشت دەکەن، بەڵکو هەمیشە وەك دۆزەخێك وێنای دەکەن. ئەو بەرهەمانەی لەدەرەوە دەنووسرێن لێوان لێون لە تەنهایی، نامۆبوون و ونبوون لەناو واقیعێکدا نەك هەر واقیعی ئەو نییە، بەڵکو واقیعێکە دوورە لە هەموو حەزو ئارەزووەکانی ئەو. زۆربەی ئەو بەرهەمانەی لەدەرەوە نووسراوە\دەنووسرێن هەمووی گەڕانەوەیەکی تراژیدیایە بۆ یادەوەرییەکانی نیشتیمان، ئەو نیشتیمانەی ڕۆژێك لە ڕۆژان لێی کرابوو بە دۆزەخ. ئیتر ئەمە هەقیقەتەکە بێت، دەبێت ئەو زەخیرە لەکوێدا بێت، کە ڕۆشنبیران بۆ خەڵکی کوردیان جێهێشتووە هەتا بەرەو بەهەشتی خۆرئاوا کۆچ بکەن؟.

لە درێژەی قسەکانیدا فاروق ڕەفیق بەردەوام هەموو وێنەکانی خەڵکی کۆچکردووی کورد وردوخاش دەکات و هیچ جوانییەکی تێدا ناهێڵێتەوە کاتێك دەڵێت: **(کەسێك دەیەوێت نیشتیمانەکەی بە جێ بهێڵێت بۆ ئەوەی لە شوێنێکدا بگیرسێتەوە کە کار نەکاو بژی)** . ئەم تێڕوانینە تەنها بە خێڵایەتی کردنی کورد زیاتر هیچ شتێکی تری تێدا نادۆزرێتەوە، وەك خێڵەکانی هەردوو بیابانی گۆبی و نیمچە دورگەی عارەبی، کە کارکردن لایان شەرم بوو. لەناو عەقڵیەتی ئەو خێڵانەدا کارکردن خەوش بوو، پیاو دەبێت بە زەبری هێز نان پەیدا بکات بۆیە تەنها لەسەر دەسکەوت دەژیان. بەڵام فاروق ڕەفیق پێمان دەڵێ: کارکردن چونکە لای کوردیش خەوشە بە دوای جێگەیەکدا دەگەڕێت، کە کاری تێدا نەبێت و بشتوانی بژی، واتە کورد ئەوەندەی بڕوای بەسواڵکردن هەیە بڕوای بەکارکردن نییە، دەشێت کورد هەر لە بناغەوە سواڵکەرو مشەخۆر بوو بێت، بەڵام لەوە بێ ئاگایە، کە ئەگەر کاردنی خەڵکی دەرەوە نەبوایەت خەڵکی کورد لەساڵانی شەڕە نەگریسەکاندا، کە هێشتا بڕیاری نەوت بە خۆراك ئیمزا نەکرابوو وەك خەڵکی سۆماڵ و ئەفەریقایان لێدەهات. ئەو پێی وایە خەڵکی کورد کۆچ دەکات بۆ ئەوەی کار نەکاو بژی، بەڵام لەوە بێئاگایە بە هەزارەها خەڵك لە کوردستان دەڕۆنە دەرەوە تەنهاو تەنها بۆ کارکردن، ئایا فاروق ڕەفیق ئاگای لەوە هەیە، کە بە هەزارەها خەڵکی کورد دەچنە



www.kurdistannet.org

ئێران و تورکیا بۆ کرێکاری؟ ئایا کۆچکردن لای فاروق ڕەفیق تەنها مەبەست لەو ئەو وولاّتانەیە، کە یارمەتی کۆمەلاّیەتیان هەیە؟ من تێناگەم مەبەستی ئەو لە کۆچ چ شێوەو جۆرە کۆچێکە، ئایا ئەوەش بۆ خۆی کۆچ نییە خەڵکێکی کەلارو گەرمیان دەچنە مەرزەکانی باشماخ و گۆخلاّن و مەریوان بۆ کارکردن؟ ئایا ئەوە کۆچ نییە بە هەزارەها کورد لە بەندەر عەباس کار دەکەن؟ ئەگەر ئەمانە ڕاستی بن ئەو خەڵکە مشەخۆرە سواڵکەرەی کورد لە کوێن؟ ئایا ئەوانەی لە خۆرئاوا پاڵیان داوەتەوەو لەسەر یارمەتی کۆمەلاّیەتی دەژین نمونەی هەرە بالاّی خەڵکی کوردستانن؟. من ئەم پرسیارانە بۆ نووسەر بەجێدەهێڵم، چونکە ئەو زۆر یەکلایەنە قسە دەکات و تەنها بە دوای ناشیرینکردن و شێواندنی وێنەکانی خەڵکی کۆچکردووی کوردا دەگەڕێت و لەوێوە ڕەخنە دەگرێت، بۆیە من بۆ خۆم چەنێك لایەنی دزێو و وێنەی ناشیرینی خەڵکی کۆچکردو دەبینم ئەوەندەش زیاتر لایەنی باش و وێنەی جوان دەبینم.

خەڵکی کۆچکردووی کورد ئەو چەند نموگەلە نین فاروق ڕەفیق باسیان دەکات، بەڵکو لەوەی ئەو زیاتر، نمونەگەلی جوان و لایەنی گەش هەن. خەڵکی کورد بە تەنها ئەوانە نین، کە دەیانەوێت نیشتیمان ناشیرین بکەن و گەلی کورد وەك دڕندەو پیاو کوژ وێنا بکەن وەك ئەو بۆی دەچێت: **(لەدوای نەوەدەکانەوە هەندێ کەس هاتونەتە دەرێ یا ئەوەتا نەقدی دەسەلاّتی کوردیان کردووە <ئەمە لە کوردستانی خوارو> بۆ ئەوەی وەربگیرێن یائیسلامییەکانیان کردۆتە نیشانە)** یا دەڵێ: **(ئەو پەناهەندەیەی بۆ ئەوەی وەربگیرێت پەنا دەباتە بەر ئەوەی کەیسێك <مەلەفێك> داستانێك لەسەر ئیسلامییەکان و دەسەلاّتی کوردی دروست دەکات و وەك بەربەری و ئافرەت کوژو نوسەر کوژو ئارایشگا سوتێنەرو هونەرمەندکوژ لەقەڵەمیان دەدا)** . لە ڕاستیدا هیچ گوناهێکی پەنابەر نییە پەنا بۆ ئەو جۆرە کەیسانە دەبات، ئەوە گوناهی ئەو سیستەمە زاڵمەیە لەو وولاّتانەدا حوکم دەکات، کە هەر لەیەکەم ڕۆژەوە پێ دەڵێتە ئەو وولاّتە پێی دەڵێت: <بۆ ئەوەی بڕوات پێ بکەم دەبێت درۆ بکەیت> ئەوە ئەو سیستەمەیە، کە ڕێگای پێنادات ڕاستییەکانی خۆی بدرکێنێت و چیرۆکەکانی خۆی بگێڕێتەوە. ئاخر تۆ پێت وایە ئەوانەی چاوپێکەوتن لەگەڵ پەنابەرەکاندا دەکەن خۆرهەلاّتناسن و لە ڕوانگەی ئەو قسانەوە خۆرهەلاّت بە جەنگەڵێك دەبینن، کە پڕە لە دڕندەو پیاو خۆر!.

من نازانم کامەیە ئەو خۆرهەلاّتناسە پێی بڵێیت: من ڕۆژنامەنووس بووم، ویستم دەم لە سێوەکەی حەوا بدەم فتوای کوشتنم درا. من نووسەر بووم و ویستم چیرۆکی قابیل و هابیل بۆ خەڵك بگێڕمەوە بڕیاری کوشتنم درا. من هونەرمەند بووم و گۆرانییەکم بۆ عەشق گوت فتوای کوشتنم درا. من شاعیربووم و لەشیعرێکدا ناوی خوام هێنام فتوای کوشتنم درا. کاکی خۆرهەلاّتناسیش پێت بڵێ: تۆ درۆی شاخدار دەکەیت و کوا لەم سەردەمی بە جیهابوونەدا شتی وا هەیەو ئەمانەش تەنها کێشەیەکی کۆمەلاّیەتین یا کێشەی تاکە کەسییە. ئەو پێت دەڵێت: بۆ ئەوەی ماف پەناریت بدرێتێ دەبێت بڵێیت بە فرۆکە هاتووم، کەواتە دەبێت تۆ هەڵگری چیرۆکێك بیت پاڵەوانەکانی قاچاچچی و مافیای ترسناك بن. ئەو پێت دەڵێت: بۆ ئەوەی ماف مانەوەت لەم وولاّتەدا بدرێتێ، دەبێت ژیانت لە مەترسی دا بوو بێت و بەلای کەمەوە دەبێت لە ژێر پەتی سێدارەدا هەڵهاتبیت، یا تا ئەو کاتەی گەیشتویتە ئەم وولاّتە چەندین تفەنگ لە دواوە تەقەیان لێکردبیت و هەر

خۆيشت پێت سەير بێت، لە بەر ڕێژنەی ئاگرینی ئەو گوللەنادا چۆن دەرباز بوويت!. بۆ ئەمەش پێويستە هەلگری چيرۆكێك بيت، پاڵەوانەكانی درەندەو پياوكوژ بن. ئەمەش كارەساتێكی ئەوەندە گەورە نييە، كە تۆ لايەنێك يا گروپێكی سياسی بە چيرۆكێكی دروستكراو بە ناديموكراسی و دژ بەئازادی تاوانبار بكەيت يا خۆت بكەيتە خاوەنی چيرۆكێكی تراژيدی كەسێكی تر، كە بووەتە قوربانی ئەو هەل و مەرجە دژوارو ئاڵۆزە بۆ ئەوەی ماف مانەوەت لە يەكێك لە وولاتانە بدرێتێ، بەڵكو كارەساتە گەورەكە لەوەدايە، كە سەركردەيەك يا بەرپرسی حيزبەكان بۆ سەردانی تايبەتی خۆيان يا سياسی ڕوو لە خۆرئاوا دەكەن و كاتێك پرسياری ديموكراسی و نەبوونی ئازادی بە هەموو ڕەهەندەكانييەوە ڕووبەڕوويان دەكرێتەوە، بە بێ هيچ شەرم و ئابڕوويەكەوە دەڵێن: <**نەخێر ئەو ئازادی و ديموكراسييەی لە كوردستاندا هەيە لە هيچ جێگايەكی دونيادا نييەو دەتوانن سەردانی كوردستان بكەن. مەسەلەی تيرۆر و كوشتنيش لە هەموو جێگايەكی دونيادا هەيەو لای ئێمەش وەك لای ئێوە (واتە خۆرئاوا) چۆن خەڵكی بێ گوناه هەيە لەسەر هەندێ مەسەلەی كۆمەڵايەتی و تايبەتی دەكوژرێت وكچانی مناڵ دەفرێندرێت و پاش دەستدرێژيكردنە سەری دەكوژرێت، لای ئێمەش بەداخەوە جار بەجارێك ئەو ڕووداوە دڵتەزێنانە ڕوودەدەن، لەگەڵ ئەوەشدا خۆشبەختانە لای ئێمە وەك لای ئێوە مرڤخۆر (Menschenfresse) و خوێنخۆر نييە!. پێم وا بێ ئەم حاڵەتانە ئێستا لەهەموو جيهاندا هەيە، ئەگەرچی ئێمە بەردەوام ڕەوشەكە بەرەو پێشەوەو باشتر دەبەين و سەبارەت بە ئەو كەسانەش لە كوردستان هەڵاتوون ئەوا ئێمە پێتان ڕادەگەينين، كە ئەوانە كەسيان سياسی نين و هەموويان خەڵكی گومانلێكراون! هەندێك لەسەر دزی و جەردەيی و هەندێكيشيان پياو كوژن و لەترسی تۆڵە هەڵهاتوون>!.**

كاكە فاروق گيان ئا ئەمە كارەساتە گەورەكەيە، كە سەركردەيەكی كورد يەك نەوەی كورد لەدەرەوە بە خەڵكانی گومانلێكراوو پياو كوژو دزو جەردە تاوانبار دەكات!.

خاڵێكی تر، كە جێگای قسە لەسەر كردنەو فاروق ڕەفيق بەشێكی لە كتێبەكەی بۆ تەرخانكردووە مەسەلەی ئيسلامييە، چونكە ئەو بە شێوەيەكی ترو خوێندنەوەيەكی تری بۆ ئيسلامييەكان كردووە. لێرەدا بۆ ئەوەی هەر لەسەر مەسەلەی كەيس و پەنابەر دوور نەكەوينەوە بۆ تێڕوانينەكانی تری لەسەر ئيسلام و ئيسلامييەكان لێرەوە دەست پێدەكەين.

نووسەر پێی وايە، زۆر لەوانەی هاتوونەتە دەرەوە بۆ ئەوەی وەربگيرێن ئيسلامييەكانيان كردۆتە نيشانە، پاشان بە شێوەيەكی تر هەما قسە دووبارە دەكاتەوە، كە ئەو پەنابەرانە ئيسلامييەكان وەك (ئافرەتكوژ و ئارايشگا سوتێنەر) وێنا دەكەن؟.

سەرەتا حەز دەكەم ئەوە بڵێم: ئەوە پەنابەر نييە وێنەی ئيسلامييەكان لە ڕۆژئاوا دەشێوێنێت، ئەوە پەنابەر نييە داستانی ئافرەت كوشتن و ئارايشگا تەقاندنەوە بەناوی ئيسلامييەكانەوە دروست دەكات، بەڵكو ئەوە كردەوەو ڕەفتاری خودی ئيسلامييەكانە ئەو وێنە بە نەك پەنابەر بەڵكو گەلی كورد دەدەن. پەنابەر نەهاتووە بە درۆی شاخدارو بوختان وێنەی ئيسلامييەكان بشێوێنێت و هەموويان وەك دژ بە ئافرەت و جوانی وێنا بكات، بەڵكو ئەوە كردەوەو ڕەفتاری ئيسلامييەكانە ئەو وێنە ناشيرينە لای پەنابەر دروست دەكەن.

ئەوە ئەو فەتوایانەیە ڕۆژانە لە مینبەری مزگەوتەکانەوە لەسەر خەڵکی ئازادیخوازی کورد دەدرێت و ئێمەی ڕۆژئاوانشینیش گوێمان لێیانە، مەسەلەکەش مەسەلەی ئیسلامی توندڕەوو میانڕەو نییە، کە تۆ پێت وایە!. ئیسلامییەکان هەموویان یەك شتن و لەیەك تەوەرەدا دەسوڕێنەوە، من ئەسڵەن قسەم لەسەر ئەوە نییە چەند ڕێکخراوو بزووتنەوەی جیاوازیان هەیە، ئەوەندەی قسەم لەسەر ئەوەیە خاوەنی هەر وتارێك بن تەنها یەك شت بە ئێمە دەڵێن و هەموویان دەگەڕێنەوە بۆ یەك سەرچاوە ئەویش قورئانە. مادامەکێ دەقەکانی ناو قورئان وتەی (خوا)ن خواش بە چەمکە دیکارتییەکەی بوونەوەرێکی کامڵە ئەوا دەبێت هەر بەنەمری بمێنێتەوەو کەسێکیش بۆی نییە هیچ پرسیارێکی ئاڕاستە بکات، چونکە پرسیار لە گومانەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەوەشی ئیسلامییەکان لەبەرچاوی ئێمە لە یەکتری جیادەکاتەوە تەنها دەسەڵاتە، چونکە لەسەردەمی موحەمەد خۆیشیدا ئەو جیاوازییانە بەرچاو دەکەون، پێم خۆش نەبوو بەو شێوەو بە بێ هیچ پاشخانێکی مێژوویی لەسەر ئیسلام بدوێیت. ئەگەر بەو تێڕوانینەی تۆ بێت ئەوا دەبێت بە ئیسلامی سەردەمی مەککە بڵێین: میانڕەوو سەردەمی مەدینەش توندڕەو، ئەمەش هەمان ئەو هەڵەیە ئەمڕۆ بە گروپێك بڵێین: ئەمیان لە ئەویان باشترە، کە لە ڕاستیدا وانییە، بۆیە من بە تەنها نمونەی بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستاندا دەهێنمەوە: بۆ لە هەڵەبجە توندڕەون و لە سلێمانی میانڕەوو لە هەولێر وەك حیزبە (عیلمانییەکان) قسە دەکەن؟ لەبەر ئەوەی لەهەر جێگایەکدا دەسەڵاتیان هەبێت توندڕەون و لەهەر جێگایەك دەسەڵاتیان لاواز بێت میانڕەون. تۆ بۆ خۆت پێت وانییە ئیسلامییەکان هەموویان وەك یەك بن و هەموویان دژی ئازادی و دیموکراسین، ئەی هەر دوێنێ بە ئاشکراو بە بێ هیچ پەردەیەك ڕابەری یەکێك لە ئیسلامییەکان نەیگوت: (دیموکراسی لەئەوەڵیەوە تا ئاخیری کوفرە) ئەگەر ئەمە دوا گوتاری ئیسلامی بێت بۆ من، ئەی دەبێت من بەکام لۆژیك و عەقڵ بتوانم لەگەڵیدا مامەڵە بکەم؟. ئاخر سەیرە فاروق ڕەفیق لە چاوی فارابی و غەزالییەوە لە ئیسلامییەکان دەنوارێت و پێی وایە ئەگەر ئێمە بمانەوێت لە ئیسلام تێبگەین دەبێت بچین ئەوان بخوێنینەوە، لە کاتێکدا ئیسلامییەکان بۆ خۆیشیان نایانخوێننەوە. فارابی و غەزالی ڕەنگە بۆ من لە ئیسلامییەك گرنگتر بێت کاتێك خوازیاری کردنەوەو مەعریفەم، بەڵام بۆ ئیسلامییەك هەزارو یەك ئیشکالە چونکە ئەو نایەوێت لەو زوورەی دەرگاکەی لەسەر خۆی داخستووە بێتە دەرەوە. ئەمە یەکەمجار نییەو چەندین کەسی تریش هەمان قسەی سەبارەت بە ئیسلامییەکان دووبارەو دەبارە کردۆتەوە، بەوەی هەمیشە وێنەی ئیسلامییەکان ناشیرین دەکرێن لەلایەن کەسانێکەوە، کە بە کینەو ڕقەوە لە ئیسلام دەنوارن! ئا ئەمە کێشەی سەرەکی تێگەیشتنی ئێمەیە، کە ئیسلام و ئیسلامییەکان تێکەڵ بەیەك دەکرێن، لەبەر ئەوەی قسەکردن لەسەر ئیسلام وەك ئایین جیاوازترە لەوەی قسە بکرێت لەسەر گروپ و ڕێکخراوێك لە ڕێگای ئەو ئاینەوە بیەوێت دەسەڵات بگرێتە دەست و لەسەر زەوی نوێنەرایەتی خوا بکات!. ئەوەی ئەمڕۆ ئیسلامییەکان دەیکەن، بۆ خۆی ناشیرینکردنی وێنەی ئیسلامە نەك کوردو پەناهەندە. ئەوەی ئیسلامییەکان دەیکەن تەواو پێچەوانەی گوتەکانی خوایە، خوایەك باس لە دوو جیهانی میتافیزیکی (جەهەنەم و بەهەشت) دەکات، کەچی ئەوان لەسەر زەوی خەریکی بنیاتنانی ئەو دوو جیهانەن، خوایەك پێی وایە ئەوەی لە جیهانی

بەهەشتدا هەیە لێوان لێوە لە جوانی و خۆشەویستی، پڕە لە ئافرەتی جوان و شەرابی نایاب و هەموو چەشنەکانی میوە، کەچی ئیسلامییەکان لە بەهەشتە دروستکراوەکەی ئەفغانستاندا ژن و شەراب و میوە قەدەغەدەکەن و هەرچی جوانییەك تێیدا هەیە دەیکوژن، سەرەڕای ئەو دۆزەحەی بۆ مرۆڤایەتیان داخستووە.

فاروق ڕەفیق پێی وایە ئەوانەی لە کوردستانەوە کۆچ دەکەن بۆ خۆرئاوا بۆ ئەوەی وەربگیرێن دەستانێك، کە پڕە لە وێنەی شێویندراوی ئیسلامییەکان پێشکەش دەکەن وەك ئەوەی لە کوردستاندا ئیسلامییەکان نە ئارایشگایان تەقاندبێتەوە، نە ئافرەتیان تیرۆر کردبێت، نە تێزابیان بە ڕانی ڕووتی کچاندا کردبێت، نەکەسیان کوشتبێت و نە فتوایان لە مزگەوتەکانەوە بۆ کەس دابێت. ئەگەر پێی وایە ئەوە ئەو کوردانەیە بۆ ئەوەی وەربگیرێن وێنەی ئیسلامییەکانیان شێواندووە با بڕواتەوە سەردانێکی ناوچەی هەڵەبجەو بیارە بکات تا ببینێت ئەوانەی لەوێ دەژین تەنانەت هیچ سیمایەکی مرۆڤیشیان پێوە دیارنییە.

تەوەرەیەکی تری قسەکانی، کە دوا تەوەرەیە لەسەری قسە بکەم مەسەلەی خوێندن و زانکۆیە. دیارە ئەو لەوەدا مافی خۆیەتی، کە ڕەخنە ئاراستەی کۆمەڵگای کوردی دەکات، کە کۆمەڵگایەکی بێگانە پەرستە، واتە هەموو شتەکانی خۆی لا بچوك و بێ نرخە، تەنانەت ئەگەر یەکێك کوردیش بێت، بەڵام لە دەرەوەی کوردستان ژیا بێت هەمیشە بەچاوێکی بەرزترو جیاوازتر لە خۆیان تەماشای دەکەن. بۆ سەلماندنی ئەم قسەیە یەك نمونە دەهێنمەوە ڕۆژانەو مانگانە چەندین نووسەرو ڕۆژنامە نووسی کورد دەگەڕێنەوە بۆ کوردستان، بەڵام ئەو ڕێزەی نییە، کە ڕۆژنامەنووسێکی عارەب یا بیانی سەردانی کوردستان دەکات، ئەمە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە، کە سیاسییەکانیشمان چۆن مامەڵە لەگەڵ خەڵکی دەرەوەو خەڵکی کوردستاندا دەکەن.

ئەوەی لێرەدا من لەگەڵ فاررق ڕەفیقدا هاوبیر نیم ئەوەیە، کە دەڵێ: (**وەك ئەوەی خۆرئاوا بۆریە بێت لەم سەرەوە نەخوێندەواری تێبکەیت لەو سەرەوە فەیلەسوفت بداتێ**) من قسەم لەسەر شتی زل نییە وەك فەیلەسوف، تەنها قسەم لەسەر ئەوەیە بەڵێ خۆرئاوا بۆریە نەخوێندەواری تێدەکەیت و خوێندەوارت دەداتێ، ئەگەرچی هەندێ جاریش خوێندەواری تێدەکەیت، بەڵام یەك کرێکاری چاوچنۆکت دەداتێ!. زۆرن ئەوانەی نەخوێندەواربوون و ئێستا نەك هەر خوێندەوارێکی باشیشن بەڵکو لەیەکێك لەزانستە مۆدێرنەکاندا شارەزان، خۆ ناکرێت وەك تۆ هەرکەسێك لە فەلسەفە شارەزا نەبوو ئیتر پێی بڵێیت نەخوێندەوار، سەدەیەك پێش ئێستا پاپالانگی گوتی: (لەووڵاتی پیاوە سپییەکە مرۆڤ دەبێت هەر یەك کار بزانێت وبەس) . ئەم قسەیە پاپالانگی پێش سەدەیەك کردی بەڵام بۆ ئەمڕۆ دەقاو دەقە، چونکە هەریەك لە ئێمە بە هۆی تێپەڕبوونی ئەو خێرایی پێشکەوتنەو کەم مانەوەی کاتەوە ناتونین و تەمەن یارمەتیدەر نییە بۆ زۆر لایەنی تر، بۆیە مرۆڤ دەتوانێت بە تەنها لەیەك بواردا شارەزایی پەیدا بکات، ئەمەش مانای ئەوە نییە کەسێك لە بواری کۆمپیوتەر یا هەر زانستێکی تردا بۆ خۆی شارەزایی و توانایەکی هەیە، ئێمە پێی بڵێین: نەخوێندەوار تەنها لەبەر ئەوەی لەفەلسەفە شارەزا نییە!. ئاخر ئەمە چی لۆژیکێکە بە ئەو کەسانەی لە بوارەکانی زانست

و تەکنەلۆژیا شارەزاییەکیان هەیەو تێیدا قولٌبوونەتەوە و بە هیچ شێوەیەك ئاگایان لە دونیای مەعریفەو فەلسەفە نییە بیانکەین بە نەخوێنەدەوار؟. ئەگەر خوێندەواری تەنها بریتی بێت لە تێگەیشتن لە فیکرو فەلسەفە ئەوا من بە فاروق رەفیق دەلٌێم: کە مرۆڤایەتی بەرەو نەخوێندەواری دەرِوات!.

خوێندەواری لەم سەردەمی گلوبالیزمەدا ئەوەیە، کە تۆ لە بوارێکی زانست و تەکنەلۆژیا شارەزابیت بۆ ئەوەی کارێکت دەست بکەوێت. خوێندەواری ئەوەیە، کە تۆ لەبری مۆتسارت، باخ و چایکۆفسکی بە مایکل جاکسن، مادۆناو سلین دیۆن ئاشنا بیت، خوێندەواری ئەوەیە لەبری ئەوەی کۆلن ویلسن بخوێنیتەوە بچیت رِۆمانەکانی شتێفان کوینیگ بخوێنیتەوە، ئەمانەش دوا تراژیدیای مرۆڤە، کە گلوبالیزیم بۆی هێناوە. ئەو نەوەیەش هاتۆتە دەرەوە بەم رِۆحیەتە پەردەوەردە کراوە\دەکرێت. سەبارەت بەو کوردانەی لە یەکێك لە زانکۆکاندا دەخوێنن و تۆ بەم شێوە قسەیان لەسەر دەکەیت: (**بۆ نمونە ئەو چەند کوردەی کە دەگەنە زانکۆ، وەهمی ئەوەیان لا دروست دەبێت کە دوای وەرگرتنی بەکالۆرسێك یا ماجستەرێك کە پەروەردە کراون و ئیدی ئامادەن بۆ قسە کردن لەسەر مەعریفەو فەلسەفەو زانست**) . جارێك پێش هەموو شتێك مەرج نییە، هەرکەسێك خوێندنی بالاّی تەواو کرد، ئیتر ئەو کەسە لە هەموو رِوویەکەوە کاملٌ بووەو توانای قسەکردنی تەواوی لەو بوارەی برِوانامەکەی تێدا وەرگرتووە، من تەواو لەگەلٌ ئەمەدام و ناکرێت ئێمە مانان لەچاوی برِوانامەوە گویٌ لەقسەکانیان بگرین، بەلاّم کەسێك بگاتە ئاستی ماجستەر بە تایبەتی لە زانکۆکانی رِۆژئاوادا بێگومان کەسێکە توانای قسەکردنی باشی بەسەر ئەو بوارەی خۆیدا دەشکێت، مەگەر هەر زۆر گێل بێت وە پیاوی گێلیش ناگاتە ئەو ئاستە.

لەهەمووی سەیر تر ئەوەیە فاروق رەفیق، کە خۆی بە ئەکادیمی دەزانێت و زانکۆی لە دەرەوە خوێندەوە بەم شێوەیە لەسەر زانکۆ قسە دەکات: (**لەماوەی سیٌ سالٌدا بەتەنها دەشیٌ دەستی قوتابی بگیرێت و چەند کێشەیەکی فەلسەفی و چەند فەیلەسوفێکی پیٌ بناسێنیت، لێرە کۆرسێك لەسەر ئەفلاتۆن و لەویٌ کۆرسێکی دی فەلسەفە لە سەدەکانی ناوەرِستدا دواجار یەك دوو کۆرس لەمەرِ فەلسەفەی مۆدێرنەوە، کە هە هەمووی جگە لەدەروازەیەك زیاتر هیچی تر نین**) . من تێناگەم ئەو زانکۆ کامەیە خوێندنی بالاّ بە سیٌ سالٌ تەواو دەکات؟. فاروق رەفیق بە چی عەقلٌ و لۆژیکێك خوێندنی بالاّ (زانکۆ) بۆ سیٌ سالٌ کورت دەکاتەوەو سیٌ سالّەکەش بۆ چەند کۆرسێك! ئاخر لەکام وولاّتدا زانکۆ سیٌ سالّەو ئەو سیٌ سالّەش بەچەند کۆرسێك تەواو دەبێت. هەموو زانکۆکان لە چوار سالّەوە بۆ شەش سالّن، لەو ماوەیشدا مادام ئەو باسی لەفەلسەفەکرد بەتەنها چەند کۆرسێکی سەرەتایی نین. لێرە مەبەستم لەم جێگایە، کەمنی تێدا دەژیم خاوەنی یەکێك لە بەناوبانگترین زانکۆیە (زانکۆی هایدلبێرگ) ، لە ماکس ڤێبەرەوە بۆ کارلٌ یاسپەرو گادامێر نەك دەرسیان تێدا گوتۆتەوە بەلٌکو سەرۆکایەتییان کردووە، ئەگەر فاروق رەفیق ئەمانەش بە نەخوێندەوار دەزانێت و پێی وایە وەك مامۆستای زانکۆکانی کوردستان جگە لەجەهل هیچی دیکەیان بەرهەم نەهێناوە ئەوە شتێکی ترە. قەت بەرگوێم نەکەوتووە بەسیٌ سالٌ و چەند کۆرسێك بتوانیت برِوانامەی فەلسەفە وەربگریت، ئەسلّەن شتی وا نییە، چونکە پێش ئەوەی داوای خوێندن لەو زانکۆ بکەیت، دەبێت رِشتەکە دیاری بکەیت، بۆ نمونە بتەوێت

www.kurdistannet.org

فەلسەفە بخوێنیت، دەبێت پێیان بڵێیت من فەلسەفەی کۆن یا مۆدێرن دەخوێنم ئەوانەش هەریەکە بۆ خۆیان چەند بەشێکە، ڕاستە ئەگەر ئەگەر فەلسەفەی مۆدێرن بخوێنیت ساڵی یەکەم فەلسەفە بەگشتی دەخوێنرێت، بەڵام ساڵەکانی تر بەتەنها فەلسەفەی مۆدێرن دەخوێنیت و ئەگەر بتەوێت لەکۆن شارەزا بیت ئەوا بۆ خۆت دەبێت بچیت لە دەرەوەی زانکۆ بخوێنیتەوە، بۆیە ئەگەر مەسەلەی زانکۆو خوێندنی باڵا بەچەند کۆرسێك تەواو بێت، ئەوا هەموو کەس دەتوانێت مامۆستایەکی تایبەتی بگرێت و ئەو چەند کۆرسەی لەماڵەوە پێ بڵێتەوە. ئەگەر مەسەلەی زانکۆ وەك فاروق ڕەفیق کورتی دەکاتەوە بۆ چەند کۆرسێك، ئەوا پێویست ناکات هیچ کەسێك زانکۆ بخوێنێت، چونکە ڕۆژانە مامۆستاو پسپۆڕەکان لە زانکۆ سیمیناریان هەیەو هەموو کەسێك دەتوانێت و بۆی هەیە وەك میوان بچێت گوێ بگرێت. خۆ زانکۆکانی ئێرە زانکۆکانی کوردستان نین دەڵێی: هەیئەی کەرکوکە چەندین پۆلیس و ئاسایش لەبەردەم دەرگاکەیدا بێت و مافی چوونە ژوورەوە تەنها بۆ قوتابی بێت و ئەگەر قوتابییەکی کوڕیش بیەوێت لەگەڵ قوتابییەکی کچدا قسە بکات ئەوا مامۆستاکەی وەك پۆلیس یەخەی بگرێت. هەر دوێنێ لەیەکێك لە سایتەکوردییەکاندا بابەتێکی وام چاوپێکەوت، کە کوڕێك خواستوویەتی لەگەڵ کچێکدا بۆ کاری تایبەتی خۆیان قسە بکات مامۆستای زانکۆ وەك پۆلیس یەخەی گرتووە، کە ئایا ئەو کچە دەناسێت؟ ئاخر جیاوزای ئەو مامۆستاو ئەو ئاسایشە چییە لە پارکێکدا یەخە بە کوڕێك دەگرێت و دەیبات بۆ زیندان لەبەر ئەوەی لەگەڵ کچێکدا پیاسەی کردووە؟ ئەگەر جیاوازییەکیش هەبێت تەنها ئەوەیە ئەویان لە پارکداو ئەمیان لە زانکۆدا، ئەویان ئاسایش و ئەمیان مامۆستای زانکۆ.

لێرەدا ئەوەی ماوە بیڵێم: ئەگەر زانکۆ بریتی بێت لەچەند کۆرسیك ئەوا پێم وا بێ هیچ کەسێك پێویستی بە زانکۆ نابێت، چونکە هەموو پرۆفیسۆرو دکتۆرو فەیلەسوفەکان ڕۆژانە لە زانکۆ سیمیناریان هەیەو بۆ هەموو کەسێکیش هەیە بچێت گوێ بگرێت.

**سەرئەنجام**

لەکۆی ئەو قسانەی لێرەدا کران دەمەوێت بڵێم: ئەرکی فیکرو فەلسەفە یەکلایەن قسەکردن و گەڕان نییە بەدوای دۆزینەوەی هەموو لایەنە ناشیرین و دزێوەکاندا تا بیانخاتە ڕوو، بەڵکو ئەرکی فیکرو فەلسەفە دیدێکی ڕەخنەگرانەیە. دیدی ڕەخنەگرانە بە تەواو لە دژی دیدی تەقلیدی کار دەکات وەك هۆرکهایمەر دەڵێت: (کاری فیکری تەقلیدی لەگەڵ ئارەزووی چینە سەرکوتکراوەکاندا یەکێتییەکی دینامیکی دروست دەکات) بۆیە نابێت ئێمە ببینە پاشکۆی زانستە سروشتییەکان، بەڵکو پێویستە جەخت لەسەر هەقیقەت بکەین. بۆیە ئەگەر هەموو قسەکانی فاروق ڕەفیق کۆ بکەینەوە لەیەك تەوەرەی سەرەکیدا دەخولێتەوە، ئەویش یەك ڕق و کینەیە بەرامبەر بە ڕۆژئاواو کەچی بۆ خۆیشی لە کەنەدا دانیشتووە. ئەگەر من هێندە بەڕق و کینە بم لە ڕۆژئاواو بە سەرچاوەی فەسادی ئەخلاقی بەهەموو مانایەکی فیکری و فەلسەفی، ئەوا ئامادە نیم یەك دەقیقە چییە لێرە دابنیشم، چ جای ئەوەی وەك ئەو خاوەن بڕوانامەو ئەزموونێك بێت، کە زانکۆکانی کوردستان ئەمڕۆ لەهەموو کاتێك زیاتر پێویستیان بەو کەسانەیە، بۆیە من ئەو پێشنیازەی بۆ دەکەم

www.kurdistannet.org

بگەڕێتەوە بۆ كوردستان خزمەتێك بەو زانكۆ هەژارانەی كوردستان بكات، كە دڵنیام لەلای هەموومان جێگای ڕێز دەبێت.

26. 1. 2003 Heidelberg

**تێبینی كوردستان نێت:**

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، كە بۆچونی (كوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەكەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتكارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسینێكدا دەنووسرێت.......... ١٥-١-٢٠٠٣

www.kurdistannet.org كوردستان نێت